# شین بۆ مۆنۆمێنتەکە ،، شینە بۆ سوتانی سەروەتو سامان و هەڵماڵینی گەندەڵییان

هێمن ڕەئووف....سویسرا
Hemnrauf@hotmail.com

لە دوای ڕووداوەکەی ١٦ ی ٣ لە هەڵەبجە .. کە لە خۆپیشاندانێکی جەماوەریدا خەڵکی ئەوشارە لەدەسەڵاتی کوردی ڕاپەڕی و دواتر مۆنۆمێنتی شەهیدانیان سوتاند . شلەژانو ئاڵۆز بوونی بابەتێکی مت و مردووی هێنایە کایەوە . ئەویش هەلەکەسەمای ئەو ئارامی و هەوا وەرگرتنەبوو کە کۆلارەی دەسەڵاتی سلێمانی لە هەوای خۆیدا وەریگرتبوو ، وەک بینیمان چۆن ڕەشەبای حەقیقەتەکانی جەماوەر و خەڵکیی ، خەریک بوو هەر تاڵەی پەرەکانی بە گێژەڵوکەیەکدا بکات .

جەماوەر ڕاپەڕی !!! ئاگریان لە ئەرشیفو لە سیمبۆلی شەهیدەکانی خۆیان بەردا !! یەک دنیا گۆڕانکاری ودنیایەکی تر هەڵوێست و چەندان دنیا هینی ڕەشو سپی لەم بوارەدا دەرکەوت . ئەوانەی لەودیو پەردەی یەکێتییەوە ، خۆپێشاندان و نارەزایی جەماوەرییان پیرۆز رادەگرت چونەوە هێلانەی خۆیان و هەر زوو ئێوارەیان بەسەر خۆیاندا هێنا . ئەوانەی تریان کە بەرگری لە ڕا و بۆچونی ئازاد دەکەن و خۆیان زۆر پێ مەدەنی و دیموکراتیترە لە لایەنەکانی تر . ئەوەتا سنوری سوری گڕی فیشەکیان پێشانی سنگی لاوان دا لەم شارە بریندارە . ماوەیەک لەمەو بەر ئازاد جوندیانی لە کوردستانی نوێدا ویستی کێشەی کەمالی سەید قادر بکاتە سەرزەنشتێک وبینێریێ بۆ پارتیی وبڵێ ئێمە دیموکراتی ترین لە ئێوە ..بەڵام وەک لەئاسمانەوە وەڵامی ئەو ئیستفزاز وخۆپێباشترەیان بدرێتەوە ، کوڕانە سەلماندیان کەئەم دوو زلهێزە هەر لەبنەڕەتدا لە یەک سەرچاوەو یەک ئایدیاو لە یەک ڕێچکەوە هاتوون . ئەوەتا هاوکات لەگەڵ سەرکوتکردنی یەکگرتوو لە دهۆکێ و زیندانی وئەشکەنجەدانی دکتۆرکەمال و ئەو سانسۆر و کاریگەریە ئەمنییەی بەسەر گەنجاندا هەیە لە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی هەولێردا ، ئەمانیش لە هەڵەبجەی خوێناوی لە جەماوەر دێنەدەستو سوکایتی بە کەسووکاری قوربانیانی هەڵەبجە دەکەن .

لێرەدا ئەوەی پێویستی بە وچانێکی کورت هەیە !! دیسان خەریکە ڕۆشنبیران و نوسەرانیش، بە چەشنی جەماوری فەقیر و بەستەزمانی کوردستان ، لەو زوڵمەتەدا جێدەمێننو هەر زۆر بەئاسانی بەیداخی سپی خۆیان بۆ ئەم هەڵخەڵەتاندنە نوێیە هەڵدەکەن . دەنگکۆیەکی بێشوماری نوسەران لەسەر ئەوە کۆکن کە دەستێکی دوژمنکارانە ،یان پلانی لایەنێک یان ئیسلامیستەکان یان لایەنێکی دۆڕاو لەناوچەکەدا دەستی هەبێت لە ڕووداوەکەدا . بەبێئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتاییشیان کردبێت یاخود بینیبێتیان . یان هەرنەبێ کەمێک هەق بدەنە دەنگو بزاوتی چوار تا پێنج هەزار لاوی ئەو شارە . .

مەلا محەمەدی موفتی لە وتاری هەینی دوای شەهید بوونی کوردۆی جوانەمەرگدا . بە هەمووهێزی خۆی بە هەر دوانزەعیلمەکەیەوە سوتاندنی مزگەوتەکەی باو و باپیری خۆی بە ڕەوا تر دەزانێ هەتا سوتاندنی ئەو مۆنۆمێنتە ..لەبەر خاتری ئەو کۆلین پاول ە ی کە لەدروست بوونیەوە لەدژی بەرنامەو مزگەوتەکەی ئەوەوە دروست بووە . یان هەر سەرکردەو میوانێک کە لە ناو

مەڕمەڕەو شوشەگرانبەهاکانی ئەو کۆشکەدا ، ئەو شارە دەبینێ . ئاخر ئەو مەلایەی جێگرەوەی موفتییەکانی هەڵەبجەیە.. نازانم چۆن لێرەدا ئاوا دڵڕەقانە مافی ئەو منداڵە نەخۆشانە دەخوات کە تەنها تاوانیان ئەوە بووە کە دایکوباوکیان خۆرەی ئەو کیمیاوییەنو، زگماک ئەو نەخۆشییەیان لەگەڵدا دەهێنێ . ئێستا بەبێ چارەسەر وقەرەبووکردنەوە دەناڵێنێت . لەکاتێکدا لەم مۆنمۆێنتەدا دەیانجار بە کێشی ئەو منداڵە پارە و سامانی چەندان منداڵی تری تیابزر بووە . وادیارە هێشتا هەستی بەوە نەکردووە کە کۆلن پاول و میوانە بەڕێزەکانی تر ئەم وێستگەیە دوا نزرگەیانەو ماڵی کەسوکاری ئەو شەهیدانە دەشارێتەوە کە لەزستانا سەرما دەیان تەزێنێ ولە هاویندا گەرما بەتینەکەی شارەزوور دەیان سوتێنی . وادیارە نازانێت کە چەندەها گەنج وپیگەیشتوی برینداری ئەم شارە بە نەخۆشی سییەکان وچەندەها نەخۆشی بۆماوە ودرێژخایەنەوە دەناڵێنن ودیواری ئەم مۆنۆمێنتە ئەو ڕێچکانەی کوێر کردۆتەوە کە ڕووەو ماڵی ، هەر سینگ برینداریێک ، هەرخاوەن شەهیدێک ، هەر بێکەس و بێدەرێک ببات و چاوی پێیان بکەوێت . یان هەر بۆ ئیستفزاز و بەزەیی پیاهاتنەوەیش بێت گوێ لە سکاڵا و پاڕانەوە بۆ چارەسەرێکی خەیاڵی بگرێت ..

بە بۆچونی من مەلای جێگرەوەی موفتییەکان ،دەستەمۆی دەسەڵاتە گەندەڵەکەی یەکێتی یە ، یان بەزۆر ! یان بەپاداشتێکی دنیایی ئەم وتارەی خوێندەوە . یان تەواو ئازارەکانی هەژدەساڵەی پاشماوەی کارەساتەکەی لەبیر کردووەو سەردان ویاداشت نامەیەکی بێمانای کەسێکی خۆبەزلزان و سەرکردەیەکی بێویژدان بە خوێنی ئازیزانی دەکڕێت .

من سوتانی ئەو منۆمێنتە بە سوتانی ئەو ٣٠ ملیۆن دۆلارەی ئیدارەی سلێمانی دەزانم کەچۆن ئاگر بنێیت بە بانکی هەر یەکێک لەسەرەگەورەکانی ئەودەسەڵاتەبێبەهرەیەوە . بە هەڵدانەوەی کراسی گەندەڵیەکی زۆر لەخۆبایی و بەنازی تێدەگەم . بەکردنەوەی دەروازەیەکی تر لە هەرجێگایەکی تری ئەو کوردستانە داگیرکراوەی دەستی ئینگلستان وعەرەبستان و فارس وتورکستان وگەندەڵستان ناو دەبەم . سوتاندنی ئەو مۆنۆمێنتە تارمایی سەرچاوی ئەو شەهیدانەی لەگەڵخۆیدا برد کە بێهیوا لە بەهەدەر چوونی خوێنیان دنیایان بە لیڵی دەبینی. ئاگرێکی تری لەدڵی لاوانی کورددا زیندووکردەوە و بەرخودانو خەباتو پێشمەرگایەتی کردەوە میتۆدی کاری هەر گەنجێک .

دواتر مەلا بەختیاری مەدەنیەت بە سوکایەتییەکی بێباکانە هەستی ناسکی ئەو خەڵکە هەناسەساردەی بریندار کرد .بە کۆکردنەوەی خەڵکی گشت دەڤەرەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان و لە کون نانی خەڵکی هەڵەبجە و تۆقاندنیان و پێشاندانی هێز . بێئاگایانە خەنجەرەکەی لە کا دەداتو سزای بەهێز ودادگای توند بۆ خۆپیشاندەران دەبڕێتەوە . داواکاری خوێنکاران ولاوان زەوت دەکات و دەنگی دلێریان بە بەتاڵ نیشاندەداتو بێبەرییان دەکات لە هەڵەبجەی زێدی باو وباپیریان . لەدوای شەهید کردنی کوردۆی نەمر،، خوێن و هەستی لاوان هەرزانو تاڵان دەکات و خواستو ئارەزویان بە پلانی دوژمنان وتیرۆر نێوزەد دەکات . گرتووخەنەکانی ئاسایشیان لێپڕدەکات و بێگوێدانە بەها جوانەکانی مافی هەرتاکێکی ئەو شارە لەو ڕۆژە غەمینەدا . ئەو هەڵچوونەی مەلابەختیار شکستییەکی تیادیار بوو ،( کە فەیلەسوفێکی قسەزانو ماهیرێکی گۆڕەپانی سیاسەتو مەدەنیەت وشارستانیەت ومافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین ،،، دەکاتە شەڕانیەکی تورەی نێوچەوانگرژی چەقۆ وەشێن ) ئەوکاتانە لەم ژوورە ساردوو سڕەوە تەوژمی هێزێکی نادیار جەستەمی ڕاتەکاند و پێی ووتم . هاوتەمەنەکانت خەریکە دوورێنەی ڕەنجدانیان

دەکەن . دەیگووت بڕوانە دەسەڵات چۆن چۆکی داداوە لەبەردەم نەڕەی شێرانەیاندا !!! بڕوام پێبکەن دڵم پڕ بوو  لە هەنسکی شادی چاوم لە فرمێسکی ڕەنگین دەستو پەنجەکانم پێنووسێکیان گرتوو کەوتە سەما لەسەر ئەم لاپەڕەسپییە و ئەوەتا بۆ ئێوە زۆر بەبێدەنگی دەدوێم ..

لەلایەکی ترەوە .. ڕاپەڕینەکەی شاری ئاکرێ م وەبیر هاتەوە ، کە چۆن گریان لە بەنزینخانەکان بەرداو پریشکی ئاگریان گەیشتە سەرئێسقانی دەسەڵات . دواتر کەوتنە گرتن وسەرکوتکردنی جەماوەر و بەگێرەشێوێنیو دەستی ناحەزیان ناوبرد لەوشارەدا و چەند ئەندامێکی یەکێتییان دەستگیر کرد   .

ئێستایش پارتی ویستبێتی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و ئەو هەقە بداتەوە برایانی یەکێتییان . چونکە ئەوان بڕیاریانداوە تەنانەت لە ئاژاوە گێڕانیشدا برابەش بن و یاسای ( فیفتی فیفتی ) پەیڕەو بکەن . .

ئەمەیە ئەو بۆچوونە مەهزەلە ئاسایەی کە تاڕادەیەک لێرەو لەوێ گوێمان لێدەبێت . ئیتر بە بوونی چوار پێنج لایەنگری پارتی یان هەر پارتێکی تر هەقی چەند هەزار لاوێک وەلا دەنێن و لەزیندانەکانیاندا لەمەودوا بە تۆمەتی تیرۆرست یان خائین ئەشکەنجەدان وبێسەروشوێنکردنی بەعس ئاسا دەستپێدەکەن بۆ کپکردنەوەی ئاپۆرەی جەماوەر و نەڕەی شێرانەو هێزی پۆڵایینی گەنجان                                                                       .

جارێکی تر زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم سوتانی ئیمزا و یاداشتنامە درۆینەکانی کۆلین پاول و غازی یاوەر وعەبدولعەزیز حەکیم گرنگترنیە لە سوتانی دڵی دایکی کوردۆی جوانەمەرگ .. ڕوخاندن وشێواندنی ئەو ژوورە بازرگانییە ( مۆنۆمێنتەکە ) گرنگتر نییە لە ڕووخانی ماڵی کەسوکاری شەهیدێکی شارەکە لەلافاوێکی تووڕەی زستاندا .  گەنجو لاو هەر سەرکەشو یاخیو گیان لەسەردەستن لەهەموو ئانوو زەمانێکدا . قیرە و هەڕەشەی ئێوە کپیان ناکاتەوە . گرتن وزیندانەکانتان وانەی فیداکاری تێدا فێر دەبن دژ بەگەندەڵی ونایەکسانی تان  .

ئەمڕۆ لە کوردستان بەگشتی نەوەیەکی نوێی لاوان هاتوونەتە مەیدانەکە کە پەروەردەو گیرۆدەی هیچ بیرو ئایدیایەکی تەقلیدی نین . نە چەپ ن نە ڕاست ، نە ئیسلامی ، نە عەلمانی ، نە ناسیۆنالیست نە لیبراڵ ... تەنها دەزانن کورد بن و بەکوردی بژین بۆ کوردستانی بوونەوەی هەر بستەخاکێکی ئەم کوردستانەداگیر کراوە بخەبتن . دژی گەندەڵی ودزی و چەواشەکردنی جەماوەر و ستەمکردن لەخەڵکی بێدیفاع هەر قوربانییەک بدەن کە لە بوون وبەدەنیاندا هەبێت . لەبەر ئەوە ئەمڕۆ دەیانگرن و ئازاریان دەدەن و سەرکوتیان دەکەن !!! سبەینێ دیوارەکانی بەندیخانە بۆخۆیان دەبنە دەروازەی ئازادی و ، سنوور و هێڵە سورەکانتان دەبنە قوربانی هەڵە و سیاسەتە نابەجێکانتان ...

---

22.03.2006